Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# ڕێگەچارەی چەسپاندنی
# لامەرکەزیی لە هەرێمی کوردستاندا

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

**جۆر بڵاوکراوە :**
توێژینەوەی یاسایی بەراوردکاری

**بابەت :**
یاسایی

**توێژەر:**
ئارام جەمال - ئەحمەد عەلی
چۆمان محەمەد - کاروان کاظم

---

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کاردەکات لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ ودروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە سەرجەم گرفت و قەیرانەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو. ئێمە بەشداری دەکەین لە پاراستن پێشخستنی وڵاتەکەمان، وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان، لە ڕێگەی پێشکەشکردنی (پۆڵەسی) بەرچاو ونی وچارەسەر دەدەین بە داڕێژەران و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

**تێبینی:**

ئەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکراوە و خراونەتە ڕوو بریتیە لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکەیە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگاو بۆچونی دامەزراوەکە بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

## پوختە

ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا یاسای پارێزگاکان و یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار بە لامەرکەزیی کارگێڕیی کتومت وەکخۆشیان جێبەجێبکرێن، هێشتا ناتوانن لامەرکەزیی کارگێڕیی پێگەیشتوو بەرجەستەبکەن، لەبەرئەوەی یاسا و دامودەزگا و دامەزراوە کارگێڕیی و سیاسییەکان هەڵگری میراتییەکی مەرکەزیی پتەون. لێرەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ و گەڕانێکە بە نێو دەقی یاساکاندا و خستنەڕووی ڕێگەچارەی گونجاوە بە ئامانجی ڕاستکردنەوەی هەردوو تای تەرازووی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی لەنێوان دامەزراوەکانی پایتەخت و یەکە کارگێڕییە خۆجێیەکاندا.

## پێشەکی

ئەگەر دیموکراسی لە جەوهەردا دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بێت بۆ کێشەکانی دەسەڵات، ئەوا یەکێك لەو داهێنانانەی، کە مرۆڤایەتی لەناو ئەزمونی دەوڵەت- نەتەوەدا، وەك ڕێگەچارەیەك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات پێیگەیشتووە و بۆتە میکانیزمێك بۆ قوڵکردنەوەی دیموکراسی، دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکانە لە نێوان پایتەخت و یەکە دەستوریی و کارگێڕییەکاندا، کە لە یاسای دەستوریی و یاسای کارگێڕیدا بە فیدرالیزم و لامەرکەزیی کارگێڕیی ناسراوە. هەربۆیە لە دنیای هاوچەرخدا ناکرێت باس لە دیموکراسی بکرێت بە بێ پیادەکردنی یەکێک یان زیاتر لە فۆرمەکانی لامەرکەزیی.

بەو پێیەی هەرێمی کوردستان هەرێمە تاقانەکەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقە و هەر لە سەرەتای ئەزمونەکەشیەوە (١٩٩١) خۆی بە دیموکراسی ناساندووە، لەبەرئەوە هەرێم دووجار مەحکومە بەوەی لامەرکەزیی کارگێڕیی پەیڕەوبکات.

لامەرکەزیی کارگێڕیی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییە لەنێوان حکومەتی ناوەند و فەرمانگە و ئەنجومەنە خۆجێییە هەڵبژێردراوەکانی سنوری یەکە کارگێڕییەکان (پارێزگا و قەزا و ناحییەکان)، کە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوین و تەواوکەری دامودەزگاکانی دەوڵەتن و سەربەخۆیی دارایی و بڕیاردانیان هەیە و هاوکات لەژێر چاودێری حکومەتی مەرکەزیشدان.سەبارەت بە پرسی لامەرکەزیی لە هەرێمی کوردستاندا، ساڵی (٢٠٠٩) پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٣)ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی دەرچوواند و لە دوای هەڵبژاردنی دووەمین خولی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە (٣٠-٤-٢٠١٤) یاساکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بە پێی دیدگاو تێڕوانینی زاڵی سیاسی و پێکهاتەی ساڵی (٢٠٠٩)، یاسادانەرانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان هەوڵیانداوە ئەم یاسایە لە بنەماکانی (چڕنەکردنەوەی کارگێڕیی- عدم التركيز الاداري) نزيك بکەنەوە نەك لە لامەرکەزیەتێکی کارگێڕیی پێگەیشتوو. سەرباری ئەوەش هێشتا ژینگەی دامەزراوەیی و سیاسی و دیدگای بڕیاربەدەستانی ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان، بە ئێستاشەوە، هاندەر و پشتیوان و ڕێخۆشکەر نەبوون بۆ پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی یاساکە. لەبەرئەوەی پێکهاتە و ستراکچەری دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان لە ساڵی (١٩٩٢) لەسەر بنەمای مەرکەزیی داڕێژراون و بەپێی بنەما و پرەنسیپەکانی "چڕنەکردنەوەی کارگێڕیی- عدم التركيز الاداري" دامەزراون و ڕێکخراون.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات گەرانێک بە ناو ژینگەی یاسایی ڕێکخستنی کارگێڕیی هەرێمی کوردستاندا بکات و لە ڕێگەی پشکنینی دەقی یاساو فەرمان و پێڕەو و ڕێنماییەکانەوە هەڵسەنگاندن بۆ سروشتی پەیوەندیی ستونی و شاقوڵییانەی نێوان حکومەتی ناوەند و وەزارەتەکان لە لایەک و ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەکی تردا بکات. دواتر توێژینەوەکە تیشکدەخاتەسەر ئەو ئاستەنگ و ئاڵانگارییانەی، لەڕووی دەستوریی و یاسایی و پەیکەربەندیی ڕێکخراوەیی و داراییەوە، بوونەتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا و هاوکات ڕێگەچارەی گونجاویشی بۆ ئەو کەموکوڕیی و ئاستەنگانە خستۆتەڕوو.

ماوەتەوە بڵێین ئەم توێژینەوەیە هەوێنی زنجیرەیەک کارو چالاکیی دیکەی وەک بەستنی کۆڕ و سیمینار و پانێڵ و کۆنفرانس و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی و رۆشنبیریی و پێکهێنانی فۆکەس گروپە لە شارو شارۆچکەکاندا سەبارەت بە ڕەهەندەکانی پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی و فراوانکردنی بازنەی هەڵمەتی داکۆکیکردنە لەم پرسە بە ئامانجی دانانی کاریگەریی ئەرێنی و پۆزەتیف لەسەر ناوەندەکانی بڕیار لە هەرێمی کوردستاندا.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

- لابردنی بەربەستەکانی بەردەم پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا.
- هەموارکردنی دەقی یاساکانی پەیوەندیدار بە لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا.
- خستنەڕووی ڕێگەچارەی پراکتیکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی لامەرکەزیی کارگێڕیی.

## کێشەی توێژینەوەکە:

ئەزموونی ڕابوردو ئەوەی نیشانداین، کە سەرباری کاراکردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنی (٣٠/٤/٢٠١٤)، بەڵام هێشتا پیادەکردنی لامەرکەزیی نەچۆتە سەر ڕاستەڕێی خۆی و پێویستی بە چاکسازیی هەیە لە چێوەی یاسایی و پەیکەری دامەزراوەکاندا.

## گروپی بە ئامانجگیراو:

**ئەو گروپانەی توێژینەوەکە بە ئامانجی گرتوون، بریتین لە:**

- دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.
- سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
- سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان .
- پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.
- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
- زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
- دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاریی دەبەستێت بۆ پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا، بەو پێیەی وەسفی ڕاستیی بەرجەستەکردنی ئەم پرسە دەکات بەو شێوەیەی، کە هەیە و پیادەکراوە و شیکاریی بۆ هەریەک لە ناوەڕۆکی ڕێکار و بڕیارو ڕێنماییەکانی حکومەت و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکات.

- ## چێوەی یاسایی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا.

بۆئەوەی لە کرۆکی سیستمی کارگێڕیی دەوڵەت یان هەرێمێك تێبگەین، بەر لەهەرشتێك پێویستیمان بە پشکنینی چێوە یاساییەکەی هەیە. مەبەست لە چێوەی یاسایی لامەرکەزیی کارگێڕیی هەموو ئەو دەقە دەستووریی و یاسایی و بڕیار و ڕێنماییانە دەگرێتەوە، کە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی لەنیوان دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان لەلایەک و دامەزراوە خۆجێیەکان لەلایەکی تر ڕێکدەخات.

لەم ڕاستایەدا پشکنینی چێوەی یاسایی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا دەمانبات بەرەو خوێندنەوە و دەستنیشانکردنی دەقەکانی دەستوری عێراق و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و بڕیار و فەرمانەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە تایبەتن بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان پایتەخت و یەکە کارگێڕییەکاندا بە ئامانجی زانینی ئاستی پێگەیشتویی سیستمی لامەرکەزیی.

هەریمی کوردستان وەک هەریمێکی فیدراڵ لەسەر ئاستی عێراق پیادەی جۆرێک لە جۆرەکانی لامەرکەزیی دەکات، کە لامەرکەزیی سیاسییە، هاوکات بەپێی دەستوری ئاماژەبۆکراویش مافی ئەوەی پێدراوە، کە ببێتە خاوەنی دەستوری خۆی و لەو نێوەدا دامەزراوەی کارگێڕیی و سەر بە خودی خۆی هەبێت. بۆیە ئەم بەشەی توێژینەوەکە دابەشدەکرێت بۆ چەند تەوەرێک:

## یەکەم: دەقی دەستوریی و یاسایی تایبەت بە پرسی لامەرکەزیی:

- **دەستور:**

هەرێمی کوردستان هەتا ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە نەبۆتە خاوەنی دەستوری نوسراوی خۆی، بەڵام دەقەکانی ناو دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) لەسەر لامەرکەزیی بریتین لە مادەکانی:

**مادەی (١٢٢):**

- یەکەم: پارێزگا لە ژمارەیەك قەزاو ناحیەو گوند پێکهاتووە.
- دووەم: ئەو پارێزگایانەی سەر بە هیچ هەرێمێك نین دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردن و دارایی فراوانیان پێدەدرێت بە جۆرێك، کە بتوانن بە گوێرەی بنەمای (لامەرکەزیی کارگێڕیی کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن و ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
- سێیەم: ئەو پارێزگارەی ئەنجومەنی پارێزگا هەڵیدەبژێرێت سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی باڵایە لە پارێزگاکەدا بۆ پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی، کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێبەخشراوە.
- چوارەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگار و دەسەڵاتەکانیان بە یاسا ڕێکدەخرێت.
- پێنجەم: ئەنجومەنی پارێزگا ناکەوێتە ژێر ڕکێف و سەرپەرشتی هیچ وەزارەتێک یاخود لەلایەنێکی دەرەوەی وەزارەتەوە. داراییەکی سەربەخۆی خۆی هەیە (دەستوری عێراق، ٢٠٠٥).

**سەرنج:**

- هیچکام لە مادەکانی (١٢٢ و ١٢٣)ی دەستوری عێراق پاڵپشتییەکی دەستووریی بۆ ڕێکخستنی پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا تێدا نییە، بەڵکو تەنها پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لەو پارێزگایانەی عیراقدا ڕێکدەخەن، کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون.
- دەبێت لە نوسینی پرۆژە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی زۆر بە ڕوونی و بە درێژیی دەقنوسبکرێت.

**لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دامەزراوە خۆجێییەکان و وەزارەتەکانی ناوەند، دوو جۆر یاسامان هەیە، بەمجۆرەی خوارەوە:**

**یەکەم: یاساکانی تایبەت بە لامەرکەزیی کارگێڕیی:**

١- یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان. یاسای ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٩٣)ی هەمووارکراو.

٢- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٤ی ساڵی ٢٠٠٩).

٣- یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٠٩)ی هەمووارکراو، ئەم یاسایە بە ژێرخان و نۆبەرەی پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستاندا، کە پێناسە و پێکهاتە و دەسەڵات و بەرپرسیارێتیی نێوان دامەزراوە خۆجێیەکانی پارێزگا و قەزاو ناحییەکان لەگەڵ دامەزراوەکانی پایتەختدا دیاریدەکات و هاوکات دەسەڵاتی چاودێریی و دەرکردنی پەیڕەو و ڕێنمایی لە سنوری دەسەڵاتی خۆیاندا دەبەخشێتە دامەزراوە خۆجێییەکان.

ئەم یاسایە کەموکوڕی زۆری تێدایە، بە بەڵگەی ئەوەی یاساکە کۆپی و دووبارەی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی عێراقە، کە بە یاسای پارێزگاکانی نەبەستراو بە هەرێمێک ناسراوە و عێراق پێش هەرێمی کوردستان ئەو یاسایەی دەرکردووە، هەروەها یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) هەتا ئێستا بە تەواوی بڕگە و ماددەکانی جێبەجێنەکراوە و هەژمونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (بە تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ) بە ئاشکرا بەسەر کاروبارەکانی دامەزراوە خۆجێییەکانی (پارێزگا و قەزا و ناحیە)کانەوە دیارە.

**سەرنج:**

ژمارەی یاساکانی پەرلەمان بۆ پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا زۆر کەمن و ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە بۆ چێوەی یاسایی، جگەلەوەی کە نەبوونی دەستوریش ئەو کەموکوڕییە زیاتر دەکات.

**سێیەم: یاساکانی دیکەی کاریگەر لەسەر پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی:**

١- یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمووارکراو.
٢- یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٩).
٣- یاسای وەزارەتی دارایی و ئابوری ژمارە (٢٥)ی ساڵی (٢٠١٠).
٤- یاسای باجی خانوبەرە ژمارە (١٦٢)ی ساڵی (١٩٥٢)ی هەمووارکراو.
٥- یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢)ی هەمووارکراو.
٦- یاسای گومرگ ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی هەمووارکراو.

**سەرنج:**

زۆربەی ئەو یاسایانەی پەیکەربەندیی و کاروباری وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانیان ڕێکخستووە، بە نەفەسێکی مەرکەزیی داڕێژراون و کاریگەری نەرێنیان لەسەر دامەزروەکانی لامەرکەزیی جێهێشتووە.

**بڕیار و فەرمان و پێڕەوەکان:**

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە درێژایی نۆ کابینەی پێشوو چەندین بڕیارو فەرمان و ڕێنمایی لەبارەی پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانەوە دەرکردووە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بڕیارەکانی ژمارە (١١٢٣١،١١٢٣٢)ی ساڵی (٢٠١٢)، دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگارو سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان.

٢- فەرمانەکانی ژمارە (٤٠،٤٤،٤٥)ی ساڵی (٢٠١٢)، دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان.

٣- فەرمانی ژمارە (١٧٠٠)ی ساڵی (٢٠١٦) لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکانی ژمارە (١١٢٣١،١١٢٣٢).

٤- فەرمانی ژمارە (٢٠٦٢)ی ساڵی (٢٠١٦) لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکانی ژمارە (٤٠،٤٤،٤٥).

٥- بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٦)، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگارو سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان.

٦- پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٩)، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

٧- فەرمانی ژمارە (٣٤٧٤)، ڕۆژی (٢٥/٧/٢٠٢٤)، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، پێدانی دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی (گواستنەوەی ڕاژە) و (تەنسیب) بە پارێزگای (سلێمانی و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان و ڕاپەڕین).

٨- فەرمانی ژمارە (١٧٧١٠)، ڕۆژی (٢٣/١٢/٢٠٢٤)، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، کۆتاییهێنانی دەسەڵات بە دەرکردنی فەرمانی (گواستنەوەی ڕاژە) و (تەنسیب) لەلایەن پارێزگای (سلێمانی و هەڵەبجە) و ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان و ڕاپەڕین)ەوە.

٩- کۆی ئەو ڕێنماییانەی کە وەزارەتی ناوخۆ ساڵانە ئاڕاستەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی دەکات، کە دواترینیان ژمارە (١٦١-ک)، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/٨)دا دەرچووە.

**سەرنج:**

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا پشکی شێری بەردەکەوێت لە ڕەنگرێژکردنی چێوەی یاسایی سیستمی لامەرکەزیی، چونکە بەویستی خۆی هەرکات ویستبێتی لە ڕێگەی بڕیارو ڕێنماییەوە دەسەڵاتە کارگێڕیی و داراییەکانی بەخشیوەتە دامەزراوە خۆجێییەکان و لێشی سەندونەتەوە.

## ئاستەنگەکانی بەردەم پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا

لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی لە هەرێمی کوردستاندا لە بەردەم چەسپاندنی لامەرکەزیی کارگێڕیدان، بریتین لەمانەی خوارەوە:

### ئاستەنگی دەستوریی و یاسایی:

بەشێك لە ئاستەنگی دەستوریی لەبەردەم چەسپاندنی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەستە بە پەیکەر و ستراکچەری دەوڵەتی عێراقەوە، وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی لاسەنگ یاخود ناهاوسەنگ) نیمچە فیدراڵی – Quasi-Federal) (واتس، ٢٠٠٦ ل٥؛ واتس، ٢٠٠٨ ل٩). کاریگەریی و لێکەوتە نەرێنییەکانی فیدراڵی لاسەنگ لە پێکهاتەی دەوڵەتی عێراقدا ڕەنگدەداتەوە. لە مادەی ( ١١٦)ی دەستوری فیدراڵیدا، داننراوە بە حکومەتە خۆجێیەکاندا، (سیستمی فیدراڵی لە کۆماری عێراق پێکدێت لە پایتەخت و هەرێم و پارێزگا لامەرکەزییەکان و کارگێڕییە خۆجێیەکان)، یاخود لە مادەی (١٢٢)ی دەستورەکەدا هاتووە کە (پارێزگاکان پێکدێن لە ژمارەیەك قەزا و ناحیە و گوند) (دەستوری عێراق، ٢٠٠٥).

تاکە هەرێمێك تا ئێستا لە عێراقدا دامەزراوە هەرێمی کوردستانە، لە کاتێکدا هێشتا سەرتاسەری وڵات لە پارێزگاکان پێکهاتووە، کە نەخراونەتە ناو چوارچێوەی هەرێمێك یاخود لە چەند هەرێمێکی دیکەدا ڕێکنەخراون، بێگومان ئەم جۆرە ناهاوسەنگییەش لێکەوتە و دەرەنجامی بەرچاوی دەبێت.

پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا لەگەڵ دەزگا خۆجێی و لۆکاڵیەکانیاندا ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵەوە، بەپێی بڕگەی یەکەم لە مادەی (١٢١)، هەرێمی کوردستانیش ماف و دەسەڵاتی ڕێکخستنی کارگێڕیی خۆجێی (پارێزگا و دەزگا خۆجێی و لۆکاڵییەکان)ی پێدراوە.

ئەگەر بە وردی سەرنج لە هەردوو مادەی ( ١١٦) و (١٢٢) (دەستوری عێراق، ٢٠٠٥) بدەین؛ کە بنەمای سەرەکی ڕێکخستن و دامەزراندنی دەزگاکانی بەڕێوەبردن و حوکمڕانییە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە یەکە کارگێڕییەکان ( پارێزگا، قەزا و ناحیە) کراونەتە بنەمای بنچینەیی بۆ ڕێکخستنی یەکە خۆجێیەکان، کە سەرەتا و دەستپێکی دامەزراندنیان دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارگێڕیی لە ژێر سایە و فەلسەفەی حوکمی عوسمانیدا ١٥٣٤ - ١٩٢١(احمد ، ٢٠١٨)، ئەوەش بەڵگەنەویستە، کە دابەشکاریی و ڕێکخستنی کارگێڕیی (التقسیم و التنظیم الإداري) لەلایەک و ڕێکخستنی خۆجێی (حکومەتی لۆکاڵی) لەلاکەی تر، دوو پرسی جیاوازن.

هاوکات دابەشکاریی کارگێڕیی بە شێوەی هەرەمی ) پارێزگا – قەزا- ناحیە – گوند) بۆ ئەم سەردەمە گونجاو نییە و ئامانجەکانی کارگێڕیی خۆجێی ناهێنێتەدی، بە تایبەتی ئەو پەیوەندییە ستونی و هەرەمییەی لەنێوان قەزا و ناحیەکاندا هەیە (پەیوەستکردنی ناحیە بە قەزاوە)، یاخود پێدانی ڕۆڵی نێوەندگیرانە بە قەزا لەنێوان ناحیە و پارێزگادا، کە بۆ ناحیە ئەڵقەیەکی ڕۆتین و زیادەیە، (احمد ، ٢٠١٨ ل.٣٢) بە تایبەتی ئەگەر ئەو فراوانبوونە خێرایەی کوردستان لەبەرچاو بگرین، کە ناحیەکان لە ئەنجامی ئەو کاولکاریی و خاپورکردنەی ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا دوچاری گوندەکانی کوردستانی کرد و بەهۆیەوە زۆربەی دانیشتوانی گوندەکان بە ناچاریی لە ناحیەکاندا گیرسانەوە و نیشتەجێبوون. (تەنانەت لە ئێستادا بەشێك لە ناحیەکان لە هەندێک قەزا گەورەترن).

## ئاستەنگی ڕێکخراوەیی کارگێڕیی:

لەڕووی پەیکەربەندیی ئۆرگانی و ڕێکخراوەیی و سەربەخۆیی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕیی و داراییەوە، یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩) ، پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگاکانی لە چوارچێوەی بنەماکانی " چڕنەکردنەوەی کارگێڕیی -عدم التركيز الاداري"دا لە قاڵبداوە:

بە پێی بڕگەی یەکەمی مادەی هەژدەمی یاسای ناوبراو: پارێزگار، کە بەرپرسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە پارێزگادا، بە پلەی وەکیل وەزیر، لە ڕووی کارگێڕییەوە (بە سەرجەم پێکهاتە و موڵك و ماڵ و کارمەند و فەرمانبەرانی پارێزگاوە) پەیوەستکراوە بە وەزارەتی ناوخۆ (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩).

دەسەڵاتی کارگێڕیی و سەبەخۆیی کارگێڕیی، هەر لە دامەزراندن و گواستنەوەی فەرمانبەران لە نێوان بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە تا دەگاتە بە دەستکاریکردنی پەیکەری کارگێڕیی و ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی ناو خودی پارێزگا، لە دەسەڵاتی پارێزگادا نییە و پێویستە ڕەزامەندی وەزارەتی بۆ وەربگیردرێت .ئەرك و ئامانجی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی یاسای وەزارەتی ناوخۆ یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٩)، جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاراستنی یەکپارچەیی و دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایشی گشتی ناوخۆیە (یاسای وەزارەتی ناوخۆ، ٢٠٠٩).

شایانی باسە، بەهۆی سروشتی کاروبارەکان و زۆریی ئەرکەکانی وەزارەتی ناوخۆ، لە پەیکەرێکی ئاڵۆز و فراواندا ڕێکخراوە، جگە لە پێگەی وەزیر و دوو جێگرەکەی و نوسینگەکانیان، نزیکەی بیست دەزگا و پێکهاتە لەخۆدەگرێت (بە جومگەی سەرەکی و بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە)، پارێزگاکان لە ڕێگەی دوو جومگەوە ( پارێزگار و قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیە، بە پێی: م ١/ بڕگەی پێنجەم، م ٣/ بڕگەی شەشەم و حەوتەم) هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی کارگێڕیی خۆجێی لە پارێزگاکاندا بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارگێڕیی خۆجێی لە ناو وەزارەتی ناوخۆدا (م ٣/ بڕگەی دەیەم)، پەیوەستکراون بە وەزارەتی ناوخۆوە (یاسای وەزارەتی ناوخۆ، ٢٠٠٩) .

## ئاستەنگی دارایی:

حکومەتە خۆجێیەکان بەشێکی سەرەکین لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی، بەرپرسیارێتی دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی شار و شارۆچکەکان و گەشەپێدانی ناوچە و دەڤەرەکانیان دەکەوێتە سەرشان.

حکومەتە خۆجێیەکان، بۆ ئەوەی بتوانن وەك پێویست ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن و کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن، بە دڵنیایی پێویستیان بە بودجە و داهات و داراییە، سەرچاوەی دارایی حکومەتە خۆجێیەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە:

یەکەم/ ئەو بڕە پارەیەی، کە حکومەتی هەرێم یاخود حکومەتی فیدڕاڵ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە بودجەی گشتی بۆ حکومەتە خۆجێیەکان دابینیدەکات.

دووەم/ ئەو داهاتانەی، کە حکومەتە خۆجێیەکان لە سنوری کارکردنیاندا (بەپێی یاسا) بەدەستیدەهێنن و کۆیدەکەنەوە، وەک باج و ڕسومات و سەرپێچی و داهاتی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵك و ماڵی میریی.

بەبێ دیاریکردن و دابینکردنی سەرچاوەی داهات و دارایی گونجاو بۆ حکومەتە خۆجێیەکان (هاوسەنگی نێوان بەرپرسیارێتی و دەسەڵات و توانستی دارایی) بە دڵنیایی شکستدەهێنن لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانیان.

یاسای پارێزگاکان لە مادەی بیست وحەوتەم و لە چوار بڕگەی گشتیدا بەبێ دیاریکردنی هیچ ژمارە و بڕ و ڕێژەیەك لە داهات و دارایی، باسی دارایی پارێزگاکانی کردووە. لەکاتێکدا تەرازوی هاوسەنگی لە نێوان بودجە و داهات و دارایی پاریزگا و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانیدا زۆر لا سەنگە لە هەرێمی کوردستاندا(یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩).

## ئاستەنگی دید و پەیکەربەندیی مەرکەزیی حزبە سیاسییەکان.

سیستمی مەرکەزیی و لامەرکەزیی پرسێک نییە تەنها تایبەت بێت بە پەیکەربەندیی حکومەتەوە، بەڵکو لە کایەی سیاسیشدا دوو مۆدێلی حزبی مەرکەزیی و لامەرکەزیی بوونیان هەیە. حزبی لامەرکەزیی ئەو مۆدێلەیە، کە بەرژەوەندی و خواستی ڕێکخستنەکانی لەسەر ئاستی ناوچە و یەکە کارگێڕییەکان بە هەند وەردەگرێت و سەربەخۆیی دارایی و ئازادیی بڕیاردانی چالاکییان لە سنوری ناوچەکانی خۆیاندا هەیە و بە ڕێگەی هەڵبژاردن لە ڕێکخستنەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە کاندیدانی خۆیان بۆ دەستەی باڵای حزب و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی وەک (پەرلەمان، ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحییەکان) هەڵدەژێرن بۆئەوەی لەلایەکەوە شەرعییەت لە بنکەی جەماوەری خۆیانەوە وەربگرن و لەلایەکی دیکەشەوە لە بەردەمیاندا بەرپرسیار بن. واتە دەستەی سەرکرایەتی حزب لە مۆدێلی لامەرکەزیدا کۆکراوەیەکە لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەموو ناوچەکان و هەریەکەشیان ئەندامی پارتەکەیەتی لە ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیدا. بەڵام هەرچی مۆدێلی حزبی مەرکەزییە بەوە دەناسرێتەوە، کە پێکهاتە و ڕێکخستنێکی قوچەکی و ستونی هەیە و کۆی دەسەڵات و بڕیارەکان لەلای کەسی یەکەمی حزبەکە و دەستە باڵاکان کۆدەبێتەوە و ئەوەی پێویستە لەسەر دەستە و ڕێکخستنەکانی خوارەوەی حزب زیاتر و زیاتر بەجێگەیاندنی بڕیار و فەرمانەکانی سەرەوەیە (ئارام و کاروان، ٢٠٢٠ ل ٨).

ئەگەر ئەم پێناسەیە بە بنەما وەربگرین بۆ هەڵسەنگاندنی حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی حزبەکانی هەرێمی کوردستان پرۆسەی بڕیارسازیی و پەیکەربەندیی ئۆرگانییان ستونی و مەرکەزییە و سەر بە مۆدێلی حزبی مەرکەزین، بە بەڵگەی ئەوەی بڕیاردان لەناو حزبەکانی هەرێمی کوردستاندا ستونی و مەرکەزییە و لە دەستەی باڵای حزبدا بڕیاری پەیوەندیدار بە کاروباری ناوچە جوگرافییەکان دەردەچێت، بە بێ گەڕانەوە بۆیان، جگە لەوەی سەربەخۆیی داراییان نییەو بەرپرسی ڕێکخستنەکان لە سەر ئاستی قەزا (مەڵبەند، لق، بازێڕ، ئۆفیس... تاد) ڕاستەوخۆ لەلایەن دەستە باڵاکان و کەسی یەکەمی حزبەکانەوە دیاریدەکرێن و تەنانەت هەندێکجار بڕیاربەدەستانی حزبەکە خەڵکی ناوچەکە یان دانیشتووی سنورەکەش نین (ئارام و کاروان، ٢٠٢٠ ل ٢١٥). جا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حزبگەلێکی مەرکەزیی پێکبێت، دەرەنجام ئەو حکومەتەشی دروستیدەکەن بە سروشتی خۆی مەرکەزیی دەبێت و ئەمەش بە یەکێک لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

## ئاستەنگی دووانەیی نێوان شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان:

بوونی دوو ئەنجومەنی خۆجێی جیاواز - بە دوو یاسای جیاواز - لە هەرێمی کوردستاندا یەکێکە لە بەربەستەکانی بەردەم چەسپاندنی سیستمی لامەرکەزیی خۆجێی. هەربۆیە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئەنجومەنی پارێزگا وئەنجومەنی شارەوانییەکان پێویستی بە یەکێک لەم دوو ڕێگەچارەیە هەیە:

**یەکەم:**

أ : گواستنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی شارەوانیی یەکە کارگێڕییەکان (جومگە یان دەستەی بڕیاردان) بۆ ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان. گۆڕینی سەرۆکایەتی شارەوانی پارێزگاکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی پارێزگا (دەزگای جێبەجێکردن) و پەیوەستکردنی ئەو فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیانەی کە سروشتی کار و خزمەتگوزاریەکانیان نزیکە لە شارەوانیەکانەوە.

ب : چاکسازیی و موتوربەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو لە ناو یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەموارکراوی پارێزگاکاندا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەبێت ئەم مادانەی ناو یاساکەی شارەوانی هەمواربکرێنەوە یان هەڵبوەشێندرێنەوە کە پەیوەندیدارن بە پێکهێنان و ئەرک و کاروبارەکانی ئەنجومەنەکەوە، لەوانەش وەک ماددەکانی: چوارەم، هەشتەم، حەڤدەیەم، هەژدەیەم، نۆزدەیەم، بیستەم، بیست و یەکەم، بیست و دووەم، بیست و سێهەم، بیست و چوارەم، بیست و پێنجەم، بیست و شەشەم، بیست و حەوتەم، بیست و هەشتەم، بیست و نۆیەم، سییەم، سی و یەکەم، سی و سێیەم، سی و چوارەم، سی و پێنجەم، سی و هەشتەم، چل و سێهەم، چل و حەوتەم، چل و هەشتەم، چل و نۆیەم (یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان، ١٩٩٣).

**دووەم:**

ڕێکخستنەوەی شارەوانییەکان، وەک ئاست و یەکەی بنچینەیی حکومەتی خۆجێی لە هەرێمی کوردستاندا وەک زۆربەی ویلایەت و هەرێمەکانی نێو دەوڵەتانی فیدراڵی لە جیهاندا (احمد، ٢٠١٨). لە چوارچێوەی یاسای پارێزگاکاندا، بەپێی ئەو میکانیزمەی، کە لە خاڵی (ب)ی بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا خراوەتەڕوو، یاخود بە یاسایەکی تایبەت (شێوازی هەڵبژاردنی ئەنجومەن، ژمارەی ئەندامان بەپێی ڕێژەی دانیشتوان، پەیکەر و پێکهاتەی دامەزراوەکە) دیاریبکرێت.

پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەوانی (جومگە یان دەستەی بڕیاردان) لە پارێزگاکانی کوردستاندا (بەم شێوازەی ئێستا) بەرجەستەکردنی بنەماکانی "چڕنەکردنەوەی کارگێڕیی-عدم التركيز الاداري" یە نەک لامەرکەزیی کارگێڕیی، هاوکات ئەندامانی ئەنجومەن، دوو ڕۆڵ دەبینن (ئەرکی جێبەجێکردن و ئەرکی بڕیاردان)، لە لایەک سەرۆک یان بەڕێوەبەری گشتی دەزگا خزمەتگوزارییەکانی پارێزگان (دەزگای جێبەجێکردن) و لەلایەکی دیکەوە ئەندامانی ئەنجومەن (دەزگای بڕیاردان)، بێگومان پێکهێنانی دامەزراوەی خۆجێی (لامەرکەزیی کارگێڕیی) بەم شێوازە، دوورە لە سروشتی دیموکراسیی کارگێڕی و لەگەڵ بنەماکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا یەکناگرێتەوە.

## ئاستەنگی ژینگەی دامەزراوەیی:

ژینگەی دامەزراوەیی و سیستمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا ژینگەیەکی هاوکار و لەبار نییە بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیی کارگێڕیی، بە بەڵگەی ئەوەی کە پەیکەری دەزگا و دامەزراوە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی، هەر لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا دەگات بە سەرجەم وەزارەت و دەستە و فەرمانگە و دەزگا سەربەخۆکان، بە شێوازێك داڕێژراون، تێیاندا ڕەچاوی پەیڕەوکردنی سیستمی لامەرکەزیی و چەسپاندنی ئەنجومەنە خۆجێیەکان نەکراوە، بە تایبەت وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، گەشتوگوزار و شارەوانییەکان، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، کشتوکاڵ، تەندروستی، دارایی، پەروەردە، ڕۆشنبیریی (احمد، ٢٠١٨)، کە هەریەک لەم وەزارەتانە لە پارێزگاکاندا بەڕێوەبەرایەتیی گشتییان هەیە و دوای هەڵبژاردنیان لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە، بەڕێوەبەرە گشتییەکان پەیوەستدەبن بە وەزارەتەکانیانەوە و بەمەش لە لایەك (خۆیان و فەرمانگە و بەڕیوەبەرایەتی و کارمەند و فەرمانبەرەکانیان) لەسەر بنەمای "چڕنەکردنەوەی کارگێڕیی-عدم التركيز الاداري" وەك دەزگایەکی کارگێڕی و پێکهاتە و جومگەیەکی وەزارەت پابەنددەکرێن بە جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەی کاروباری وەزارەتەوە و لە لایەکی تریشەوە وەك دامەزراوەیەکی خۆجێی و دەزگایەکی هەڵبژێردراو، پابەندی ئەنجومەنی پارێزگا و خواست و پێداویستی هاوشاریان دەبن.

بۆیە پێویستە پەیکەر و پێکهاتەی وەزارەتەکان ( بە تایبەت وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان) پێداچونەوەیان بۆ بکرێت و یاسا و مەرسومەکانیان لەسەر بنەمای دیموکراسیی کارگێڕیی (لامەرکەزیی) ڕیفۆرمبکرێن و دابڕێژرێنەوە و بە یاسای پارێزگاکان (دوای هەموارکردن) موتوربە بکرێن.

دروستترە چاکسازیی لە پەیکەری وەزارەت و دامەزراوەکان بە جۆرێك بکرێت،

کە وەزیرەکان ئەرکی ڕابەرایەتی وەزارەتەکان لە ئەستۆبگرن و پلانی ستراتیجی و نیشتمانی دابڕێژن و چیتر سەرقاڵنەکرێن بە بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە و ڕۆڵی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری گشتیی پارێزگاکان نەگێڕن، بەڵکو لەبری ئەوە ڕۆحی لامەرکەزیی کارگێڕی و دارایی ڕاستەقینە لە هەناوی یاسای وەزارەت و دەزگا خزمەتگوزارییەکان و دەستە سەربەخۆکاندا ڕەنگبداتەوە، پارێزگار و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگاکان بە ئەندازەیەك دەسەڵاتی دارایی و ڕێکخراوەییان پێبدرێت، کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ بارگرانی و سەختی ئەرکەکانیان.

## پێشنیاری ڕێگەچارەیەک:

لەپێناو دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ پێگەی حکومەتە خۆجێیەکان لە پەیکەری ڕێکخراوەیی حکومەتی هەرێمدا، تا بتوانن هاوشان و هاوتەریب لەگەڵ دامودەزگا و وەزارەتەکان کاروبار و ئەرکەکانی سەرشانیان وەك پێویست بەڕێوەببەن، هەروەها بە ئامانجی فەراهەمکردنی پێگە و سەکۆیەکی دانپێدانراو بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا، تا بتوانن ڕاستەوخۆ دەنگوڕەنگ و پێداویستی شارەکان بگەیەنن

(نزیککردنەوەی حکومەت لە خەڵك)، پێشنیازدەکەین بە دامەزراندنی دەزگایەك بە ناوی (دەستەی هەماهەنگیی کارگێڕیی خۆجێی). {بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە سەیری پاشکۆی ژمارە -١- بکە}.
ئەرك و ئامانج و پێکهاتەی دەستەکە بە یاسایەك ڕێکبخرێت و دەستەکە بەم شێوەیە پێکبهێنرێت:

1- سەرۆکی دەستە، بە پلەی وەزیر بێت ( تا بتوانێت ڕاستەوخۆ خواست و گرفت و داواکاری پارێزگاکان بگەیەنێتە ئەنجومەنی وەزیران).
2- پارێزگارەکان.
3- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان
4- چەند پسپۆڕێکی ئەکادیمی : کارگێڕیی، ئابوریی، یاسایی.

## ئەرکەکانی دەستەی هەماهەنگی

1 - ئەم دەستەیە لە جیاتی وەزارەتی ناوخۆ سەرپەرشتی کاروباری پاریزگاکان دەکات و پارێزگاکان بەم دەستەیەوە پەیوەستدەکرێن.
2- ئەرکی پێشخستن و پەرەپێدانی سیستمی کارگێڕیی خۆجێیەتی لە ئەستۆ دەگرێت، لە ڕێگەی دامەزراندنی پەیمانگە و دامەزراوەی تایبەت بەم بوارە، لەسەر بنەمای زانستی و سود بینین لە ئەزمونی وڵاتانی هاوچەرخ و پێشکەوتوو.
3- بە هەماهەنگی ئەنجومەنی وەزیران و بە سەرپەرشتی سەرۆکی حکومەت، پێداچونەوە و چاکسازیی لە یاسای وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان (یاسا ئۆرگانییەکان، القوانين التنظيمية)دا دەکات و لەسەر بنەمای لامەرکەزیی کارگێڕیی و دارایی دایاندەڕێژێتەوە و وەك پرۆژە یاسا دەیخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران تا ئاڕاستەی پەرلەمانی بکات.
4- ئەم دەستەیە پێداچونەوە بە پرۆسەی (دابەشکاریی کارگێڕیی -التقسيمات الادارية) لە هەرێمی کوردستاندا دەکات و لە ئاکامدا پێکهاتە و پەیکەری ڕێکخستنی کارگێڕیی شار و شارۆچکەکان (ژمارە و قەبارە و ئاست و پەیوەندی و پەیکەربەندیی یەکە کارگێڕییەکان لەگەڵ یەکتردا) لەسەر بنەمای لامەرکەزیی خۆجێی بە جۆرێك دادەڕێژێتەوە، کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەوتی دیموکراسی و ئامانجەکانی کارگێڕیی خۆجێی سەردەمدا.
5- هەماهەنگیی وەزارەت و دەزگا نیشتمانییەکان لەگەڵ پارێزگا و حکومەتە خۆجێی و لۆکاڵییەکان ڕێکدەخات.
6- برەودان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سەبارەت بە پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە ڕێگەی ئامادەکردن و چاپکردنی بڵاوکراوە و پەیپەر و توێژینەوە و بەستنی کۆڕ و سیمینار و وۆرکشۆپ و پانێڵ بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و ئامادەکردنی پرۆمۆ و ئینفۆگرافیک و ڤیدیۆگرافیک و پەخشکردنی بەرنامە و دیدار و چاوپێکەوتن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
7 - ئامادەکردنی پرۆژە یاسا بۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە پەرەسەندنی پرسی سیستمی لامەرکەزیی کارگێڕیی و بە پتەوکردنی پێگەی حکومەتە خۆجێیەکان لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.

- ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩)، کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی (نوێنەرایەتیی جوگرافیی دادپەروەر – التمثيل الجغرافي العادل) بۆ سەرجەم یەکە کارگێڕییە خۆجێییەکانی سنوری هەر پارێزگایەک و دیاریکردنی ژمارەی کورسی بۆ هەر یەکەیەکی خۆجێی لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان.
- ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ چارەسەری پرسی ئیدارە سەربەخۆکان لەسەر بنەمای (زانستی ، یاسایی و کارگێڕیی) بە ئامانجی فۆرمەڵەکردن و جێگیرکردنی پێگەی ئیدارە سەربەخۆکان لە یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستاندا .
- ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ چارەسەرکردن و یەکخستن و ڕێکخستنی پرسی شارەوانییەکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە لە ئێستادا هەر یەکەیان بە یاسایەکی تایبەت و جیاواز ڕێکخراون.
- ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکی تایبەت بە هەموارکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێشنیارانە:

**1- مادەی یەکەم**

چوارەم : وەزارەت بگۆڕدرێت بۆ دەستە.

پێنجەم: وەزیر بگۆڕدرێت بۆ سەرۆکی دەستە.

**2- مادەی سێیەم:**

کەسایەتی مەعنەوی بە ئەنجومەنە خۆجێیەکان ببەخشرێت.

**3- مادەی چوارەم:**

ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکان لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق هاوتابکرێت.

**4- مادەی شەشەم:**

**بڕگەی سێیەم:**

لا بدرێت و لە مادەیەکی سەربەخۆدا بەم شێوەیە دابڕێژرێت:

یەکەم: هەڵبژاردنی پارێزگار ڕاستەوخۆ لە ناو هاوڵاتیانەوە ئەنجامبدرێت.

دووەم: هەڵبژاردنی پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەن لە یەک ڕۆژدا ئەنجامبدرێت.

**بڕگەی دوازدەم:**

1- ڕەزامەندی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر ئەو پاڵێوراوەی، کە پارێزگار بۆ پڕکردنەوەی پۆستی هەردوو جێگری پارێزگا پێشکەشیان دەکات... هتد.

2 -ڕەزامەندی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر ئەو پاڵێوراوەی، کە پارێزگار بۆ پڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە پارێزگادا پێشکەشیان دەکات .

**5- مادەی حەڤدەم**

زیادکردنی برگەیەك بەم شێوەیە:

دەستەی جێبەجێکار (ئەنجومەنی وەزیرانی بچوککراوە لەسەر ئاستی پاریزگا) لەسەر بنەمای یاسا کارپێکراوەکان پەیڕەوێك بۆخۆی دادەڕێژیت و کۆبونەوەی بەردەوام (دەوری) ئەنجامدەدات .

**6- مادەی هەژدەیەم**
یەکەم: پاریزگار لە ڕووی کارگێڕییەوە بەستراوەتەوە بە (دەستەی هەماهەنگیی کارگێڕیی خۆجێی).
**7- مادەی بیست و دووەم**
بڕگەی یەکەم: بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: وەزیری تایبەتمەند لەسەر بنەمای لامەرکەزیی و لەپێناو بەرژەوەندیی پارێزگادا بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بە پارێزگار دەبەخشێت.
**8- مادەی بیست وحەوتەم**
پێویستە دەزگا و دامەزراوە داراییەکان یەکبخرێن و لەسەر ئاستی پارێزگا تەنها یەك بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی داهات وخەرجی پارێزگا هەبێت .
بڕگەی سێیەم : بەم شێوەیە دابڕێژرێت:
ئەو پیتاك و بەخششانەی، کە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پارێزگا دێتە دەستی .
زیادکردنی دوو بڕگەی دیکە بۆ ئەم مادەیە بەم شێوەیە :
پێنجەم : وەرگرتنی قەرزی ناوخۆیی بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی پارێزگا.
شەشەم: تەرخانکردنی ڕێژەیەك لە داهاتەکانی (باج ، ڕەسم، پێبژاردن "غرامات") بۆ کارگێڕییە خۆجێییەکان، کە لە سنوری پارێزگا کۆدەکرێنەوە، بە مەرجێك ڕێژەکەی لە (٣٠%) کەمتر نەبێت.

## دەرئەنجام:

**توێژینەوەکە بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:**
١- پاڵپشتیی دەستوریی تایبەت بە جێگیرکردنی پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی لە هەرێمی کوردستاندا، نییە.
٢- لە هەرێمی کوردستاندا، زیاتر لە یاساکانی پەیوەندیدار بە لامەرکەزیی کارگێڕیی، کار بە بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکرێت، کە ئەوەش لاوازترین ئاستی جێبەجێکردنی لامەرکەزییە.
٣- ئەو یاسایانەی پەیکەربەندیی و کاروباری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکدەخەن بە نەفەسێکی مەرکەزیی داڕێژراون و بوونەتە درێژەپێدەر و بەرهەمهێنەرەوەی میراتی مەرکەزیی.
٤- زۆربەی بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی پەیوەندیدار بە لامەرکەزیی کارگێڕیی دەرناچن، ئەمەش وایکردووە بنەماکانی مەرکەزیی لەناو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکاندا، بەراورد بە یاساکان، زۆرتر بن.
٥- ژمارەی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕووماڵ و ڕوپێوکردنی ڕەهەندەکانی لامەرکەزیی کارگێڕیی کەمن و لە ئاستی پێویستدا نین.
٦- بەشێکی زۆر لە توخمە لامەرکەزییەکانی نێو یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەموارکراو بەپێی پێویست جێبەجێناکرێن و نەخراونەتە خزمەت دەستەبەرکردنی لامەرکەزیی کارگێڕییەوە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان:

**لەپێناو چەسپاندنی بنەماکانی پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی، ئەم پێشنیاز و ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو:**

١- لە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا ڕووبەرێکی گەورە لە دەستورەکە بدرێتە پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی و گرنگە تێیدا دەسەڵاتە حەسرییەکان (دیاریکراوەکان) بۆ حکومەتی ناوەند یاخود بۆ ئەنجومەن و حکومەتە خۆجێیەکان دیاریبکرێن.

٢- ژمارەی یاساکانی تایبەت بە پرسی لامەرکەزیی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، بەپێی پێویست، زیادبکرێن.

٣- دەسەڵاتی جێبەجێکردن کەمترین پشکی هەبێت لە دەرکردنی بڕیار و فەرمان و ڕێنمایی تایبەت بە جێبەجێکردنی پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی.

٤- کۆی ئەو یاسایانەی تایبەت و پەیوەندیدارن بە دامەزراوەکانی لامەرکەزیی کارگێڕیی بە نەفەسی کاڵکردنەوە و سڕینەوەی مەرکەزیی کارگێڕیی و قووڵکردنەوەی لامەرکەزیی کارگێڕیی هەمواربکرێنەوە، تا ئەو رادەیەی ئەگەر پێویست بکات یاسای تازەشیان بۆ دەربچێت.

٥- پەیکەربەندیی کارگێریی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بە جۆرێک دابڕێژرێنەوە، کە بگونجێن لەگەڵ مەبەست و ئامانجەکانی لامەرکەزیی کارگێڕیدا.

٦- پەیوەندیی نێوان ئەنجومەنی پارێزگا و ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە یاسا ڕێکبخرێتەوە و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی شارەوانیی یەکە کارگێڕییەکان بۆ ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بگوێزرێنەوە.

٧- بە یاسایەك لە پەرلەمانەوە دەزگایەك بە ناوی (دەستەی هەماهەنگیی کارگێڕیی خۆجێی) دابمەزرێت بە ئامانجی سەرپەرشتیکردنی کاروباری پاریزگاکان لەرووی چەسپاندنی لامەرکەزیی کارگێڕییەوە و پەیوەستکردنی پارێزگاکان بەم دەستەیەوە.

## سەرچاوەکان

١- دەستوری هەمیشەیی عێراق، (٢٠٠٥).
٢- یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان. یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەموارکراو.
٣- یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی هەموارکراو
٤- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩).
٥- یاسای ئەنجومەنی وەزیران، یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراو.
٦- یاسای وەزارەتی ناوخۆ یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٩).
٧- یاسای وەزارەتی دارایی و ئابوری، یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی (٢٠١٠).
٨- یاسای باجی خانوبەرە، یاسای ژمارە (١٦٢)ی ساڵی (١٩٥٢)ی هەموارکراو.
٩- یاسای باجی دەرامەت، یاسای ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢)ی هەموارکراو.
١٠- یاسای گومرگ، یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)ی هەموارکراو.
١١- کۆی بڕیار وفەرمان و پەیڕەوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە پرسی لامەرکەزیی کارگێڕیی.
١٢- کۆی ئەو ڕێنماییانەی، کە وەزارەتی ناوخۆ ساڵانە ئاڕاستەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی دەکات، کە دواترینیان ژمارە (١٦١-ک)ە، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١/٨)دا دەرچووە.
١٣- ئارام جەمال و کاروان کاظم، پرسی دیموکراسی و لامەرکەزیی لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکانی هەرێمی کوردستاندا، پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.
١٤- احمد علي احمد، التنظيم الاداري في الدول الاتحادية، منشورات الحلبي الحقوقية، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٨.
١٥- رونالد ل. واتس، نماذج المشاركة الفدرالية في السلطة، ترجمة: نور الأسعد و ناتالي سليمان، من منشورات المعهد الديمقراطي الوطني للشؤون الدولية،واشنطن، مطبوعة على شكل كراس، دونسنة نشر.
١٦- رونالد ل. واتس، الأنظمة الفدرالية، ترجمة: غالي برهومة ومها بسطامي ومها تكلا، منتدى الاتحادات الفدرالية، أوتاوا، كندا ٢٠٠٦.
١٧- https://housing-infrastructure.canada.ca/index-eng.html
کەنەدا
https://www.cogta.gov.za/
ئەفریقیا
https://www.mld.gov.eg/ar
میسر
https://csb.gov.tr/en
تورکیا
18- Watts, Ronald L. (2008) Comparing Federal Systems. 3rd ed. Montreal & Kingston, London, Ithaca: McGill-Queen's University Press, pp. 60- 61

## پاشکۆ

- لە وڵاتانی جیهادا (وڵاتانی فیدراڵی یا سادە)، چەندین دەزگا و دامەزراوەی حکومی هەن کاردەکەن بۆ بەهێزکردنی پێگەی شارەوانییەکان و حکومەتە خۆجێیەکان و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئاستە جیاوازەکانی حکومەت (حکومەتی ناوەند و حکومەتە خۆجێیەکان ڕێکدەخەن ودابەشکردنی داهات و سەرچاوەی دارایی و دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دەستەبەردەکەن، لەوانەش وەک.
- - وەزارەتی حکومەتی خۆجێی و نیشتەجێکردنی کەنەدا.
- - وەزارەتی حکومەتی خۆجێی و کاروباری گوندنشینی ئەفریقای باشوور.
- - ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ حکومەتی خۆجێی لە بەریتانیا.
- - ئەنجومەنی دەستووریی حکومەتی خۆجێی لە ئەندەنوسیا.
- - فیدراسیۆنی شارەوانییەکانی کەنەدا (FCM - Federation of Canadian Municipalities).
- - کۆمەڵەی شارەکان و دەسەڵاتە خۆجێیەکان لە فەرەنسا (AMF - Association des Maire's de France).
- - شار و حکومەتە خۆجێیە یەکگرتووەکان (UCLG - United Cities and Local Governments).
- - فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی شارەکان (ICMA - International City/County Management Association).
- - ئەنجومەنی هەماهەنگیی نێوان هەرێم و پارێزگاکان لە ئەڵمانیا.
- - ئەنجومەنی حکومەتی خۆجێی فیدراڵی ئوسترالیا.
- - میسر - وەزارەتی گەشەپێدانی خۆجێی.
- - سعودیە – وەزارەتی کاروباری شارەوانی و گوندەکان و نیشتەجێکردن.
- - ئیمارات - وەزارەتی گەشەپێدانی کۆمەڵگە (سەرپەرشتی هەندێک لایەنی ناوخۆیی دەکات شانبەشانی حکومەتەکانی حەوت میرنشینەکە).
- - ئوردن - یەکێتی شارەوانییەکانی ئوردن.
- - لوبنان - یەکێتی شارەوانییەکانی لوبنان.
- - فەلەستین - یەکێتی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی فەلەستین.
- - تورکیا – وەزارەتی ژینگە و شارنشینی و گۆڕانی کەشوهەوا (بەڕێوەبردنی شارەوانییە گەورە و حکومەتە خۆجێیەکان).
- - هیندستان – وەزارەتی گەشەپێدانی گوندەکان و وەزارەتی نیشتەجێکردن و کاروباری شارەکان.
- - مالیزیا - وەزارەتی نیشتەجێکردن و حکومەتی خۆجێی (Kementerian Perumahan dan Kerajaan Tempatan - KPKT).

**Vision Foundation**
**for Strategic Studies**

+964 772 330 0005
info@vfssiq.org
Sulaymaniyah , Ashty ,
Opposite to Azadi Park

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە